زانكۆی سەلاحەدین

كۆلێژی هونەرە جوانەكان

بەشی سینەما و شانۆ

قۆناغی چوارەم - سینەما

# ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە فیلمی کوردیدا

## (پەیکەری دڵ بە نموونە)

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

لەبواری سینەما

ئامادەکردنی قوتابیان

گۆران بەختیار کمال

محمد خالد قادر

بەسەرپەرشتی

د. ژیلوان طاهر باپیر

ساڵی خوێندنی

٢٠٢١-٢٠٢٢

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش دەکەین بەم لایەنانەی خوارەوە:

- ڕاگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
- سەرۆکایەتی بەشی سینەما و شانۆ.
- سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەمان (د. ژیلوان طاهر باپیر).
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی سینەما و شانۆی کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
- کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
- مامۆستا (فضل إسماعیل) کە کاری تایپ و دیزاینی ئەم توێژینەوەی ئەنجام داوە.

**پێشکەشە بە:**

- ڕاگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان و سەرۆکی بەشی سینەما و شانۆ.
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی سینەما و شانۆ بەتایبەتی مامۆستای سەرپەرشتیار (د.ژیلوان طاهر باپیر).
- بە سەرجەم قوتابیانی قۆناغی چوارەم/ لقی سینەما.
- پێشکەشە بە هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستانەی لە ماوەی نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا هاوکار و هەماهەنگ بوون لەگەڵمان.

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم تویژینەوەیە لەژێر چاودێری من دا بووە لە زانکۆی سەلاحەدین / کۆلێژی هونەرە جوانەکان/ بەشی سینەما و شانۆ – لقی سینەما، پێشکەش کراوە بە مەبەستی وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە سینەما.

واژووی سەرپەرشتیار

د. ژیلوان طاهر باپیر

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ

صدق الله العظيم

سورة الزمر: أية (٩)

# ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| أ | سوپاس و پێزانین |
| ب | پێشکەشە بە |
| ج | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| د | الآية القرآنية |
| هـ | ناوەڕۆک |
| ١ | پوختە |
| ٢ | پێشەکی |
| ٣-٥ | بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی (الإطار المنهجی) |
| ٣ | گرفتی توێژینەوە |
| ٤ | گرنگی توێژینەوە |
| ٤ | ئامانجی توێژینەوە |
| ٥ | میتۆدی توێژینەوە |
| ٥ | سنوری توێژینەوە |
| ٦-١٣ | بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆی توێژینەوە |
| ٦ | تەوەرەی یەکەم: شێوازی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە قۆناغی سەرەتاکانی فیلمدا |
| ٨ | تەوەرەی دووەم: موزیک لە سینەما لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا: |
| ٩ | تەوەرەی سێیەم: جوانییەکانی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە سەردەمی ئێستادا |
| ١٢ | تەوەرەی چوارەم:ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە پێکهاتەی فیلمدا: |
| ١٤-٢٢ | بەشی سێیەم: جێبەجێکردنی توێژینەوە |
| ١٥ | کاستی فیلمی پەیکەری دڵ |
| ١٦ | تەوەرەی یەکەم: چیرۆکی فیلمی پەیکەری دڵ |
| ١٩ | تەوەرەی دووەم: چۆنیەتی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان |
| ٢٣ | بەشی چوارەم: دەرئەنجام و پێشنیازەکان |
| ٢٣ | یەکەم: دەرئەنجامەکان |
| ٢٥ | دووەم: پێشنیازەکان |
| ٢٦ | سەرچاوەکان |

# پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە فیلمی کوردیدا پەیکەری دڵ بە نموونە) توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە لە چوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتیە لە چوارچێوەی میتۆدی کە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت (گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە و سنوری توێژینەوە).

بەشی دووەم پێکهاتووە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە کە ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت (تەوەرەی یەکەم: شێوازی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە قۆناغی سەرەتاکانی فیلمدا، تەوەرەی دووەم:موزیک لە سینەما لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا، تەوەرەی سێیەم: جوانییەکانی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە سەردەمی ئێستادا، تەوەرەی چوارەم: ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە پێکهاتەی فیلمدا)

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە جێبەجێکردنی توێژینەوە (تەوەرەی یەکەمی: چیرۆکی فیلمی پەیکەری دڵ، تەوەرەی دووەم: چۆنیەتی بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان).

هەروەها بەشی چوارەم پێکهاتووە لەو دەرئەنجام و پێشنیازانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

## پێشەکی

هونەری حەوتەم یا سینەما هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە بۆتە مایەی سەرنج و تێڕامانی بینەر و بیسەر، لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی بەرهەمی سینەمایی کە برایانی لۆمێر بەرهەمیان هێنا کە بریتی بوو لە کورتە فیلمی هاتنی شەمەندەفەر، کە چەند گرتەیەکی لەیەکدراوی فۆتۆ بوو جێگای خۆی کردەوە، چاوی بینەری ڕۆشن کرد و بە داهێنانێکی مەزن لە قەلەم درا. بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە ئەو کارە ببێتە بناغەی داهێنانێکی تر و پێشکەوتووتر لەم بوارەدا، لەگەڵ ئەوەش هەست بە بوونی کۆمەڵێ کێماسی کرا، لەوانە چێژبەخشین بە چاو و گوێ، واتا وێنە و دەنگ بۆ گەیاندنی مەبەستی دیاریکراو، چونکە دەنگ و سەدای ئامێرەکانی بەکارخستن بێزاری لای بینەر دروست دەکرد، بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە بەکارهێنانی موزیک و سەدای چێژبەخش ئاوێنەی وێنە بکەن.

سەرەتا بە ژەنینی پیانۆ دەستیان پێکرد و پەرەیان پێ دا تاکو دروست بوونی شریتی دەنگ و هاوسەنگ لەگەڵ وێنەدا بە چەندین قۆناغ تێپەڕی تا گەیشتنە ئەنجامی ئەمڕۆ. کە بریتیە لە وێنە و دەنگی دیجیتالی. لێدوان و قسەکردن لەسەر سینەما بە چەندان کتێب و ڕاپۆرت و توێژینەوە کۆتایی نایەت بۆیە دەبێت ئەوەی لە بواری سینەمادا کاردەکات هەوڵ بدات  پسپۆری لە یەکێ لە بوارەکانی سینەما هەبێت و لە یەکێک لەو لایەنانە هەڵبژێرین بۆ قسە لەسەرکردن. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لایەنی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان لە فیلمی کوردی هەڵبژاردووە و باس لە ڕۆڵ و پێگەی دەکات لە ژێر ناونیشانی (ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە فیلمی کوردی دا- پەیکەری دڵ بەنموونە)

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

**گرفتی توێژینەوە:**

سەرهەڵدانی سینەما بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوە سەرەتاکەشی دەگەڕێتەوە بۆ وێنەی فۆتۆگراف دواتر بیرمەندانی بواری سینەما هەوڵیاندا چەندین ئامێر تاقی بکەنەوە بۆ ئەوەی دواجار بگەنە ئاستێک کە ئامێری سینەماتۆگراف دروست بکەن، کاری فیلمسازی چەندین قۆناغی دژواری بڕی وە چەندین کێشەی بۆ دروست بوو تەنانەت دوای دروست بوونی کامێرای سینەمایی گەورەترین کێشە ئەوە بوو کە دەتوانرا وێنە بگرێت بەڵام نەیدەتوانی دەنگ تۆمار بکات هەر بۆیە دەرهێنەرەکانی ئەو سەردەمە بیریان لەوە دەکردەوە کە وێنەکان سەرنجڕاکێش بن و کاریگەری لەسەر هەستی بینەر دروست بکەن، بۆ ئەم مەبەستە کاتێک کە فیلمی سینەماییان لە هۆڵەکان نمایش دەکرد بۆ بینەران هاوکات گروپێکی موزیک بەشێوەی زیندوو موزیکیان دەژەنی کە گوزارشتی لە دیمەنە درامیەکان دەکرد هەروەها ئاشکرایە لە فیلمەکانی سەردەمی چارلی چاپلن کاری وێنەگرتن ئاسایی نەبوو هەربۆیە بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان دەبوایە بەپێی ریتمی گرتەکان هاوتەریب بێت، دوای ئەوەی تەکنیکی سینەمایی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا چەندین ئامێری تر پەیدابوو کە لە توانایدا هەبوو ڕاستەوخۆ دەنگ و وێنە تۆمار بکات. ئەگەر بە ووردی باسی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بکەین پێویستە تیشکی بخەینە سەر چونکە ڕەگەزێکی گرنگە لە پێکهاتەی فیلمی سینەمایی دا. لە ئێستادا لە ئەکادیمیا زانستییەکانی هونەری سینەما لقی تایبەت هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزوومەندن یان دەیانەوێت پسپۆری وەربگرن لە بواری تەکنیکی موزیکی سینەمایی یان موزیکی وێنەیی کە بە عەرەبیەکەی پێی دەگوترێت (الموسيقى التصويرية) هەربۆیە پێویستە لە بواری کاری فیلمسازی کوردیدا بۆ ئاینده چەند کادیرێکی پسپۆر بەم بوارە پێ ڕابگەیەنین بۆ ئەوەی ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی دەرهێنەری فیلمی

سینەمایی دەبێتەوە چارەسەر بکرێت لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی. بۆیە لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا پرسیارێک دەخەینەڕوو دەپرسین:
پرسیار: ڕۆڵی پسپۆرانی بواری تەکنیکی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان چیە لە فیلمی کوردیدا؟

**گرنگی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە:

١) سیناریست و دەرهێنەر و ئەکتەر و ڕەخنەگرانی بواری سینەما
٢) تیپ و گروپ و سەنتەرەکانی تایبەت بە هونەری سینەما
٣) توێژەرانی بواری سینەما
٤) قوتابیانی سینەما لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی هونەرە جوانەکان

**ئامانجی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵ دەدەن چەند ئامانجێک دیاری بکەن ئەویش بەزانستی کردنی بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە فیلمی سینەمایی دا بۆ بەرجەستە کردنێکی باشتر و زانستی تر لە چێژبەخشین بە بینەر و وەرگری سینەما لەڕووی بینین و بیستنەوە پەیامی خۆی بگەیەنێت و دوور بێت لە هەڵەشەیی و نازانستی لە بەکارهێانی ئامرازەکانی دروستکردنی فیلک کە دەنگ و موزیک بەشێکی گرنگە لە پێکهاتەی فیلمدا. واتا ئامانجمان لە بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەنگی نەبێت، بەڵکو ببێتە ڕەگەزێکی کاریگەر لە پێکهاتەی فیلمی سینەمایی دا، چونکە چۆن وێنە گرنگە لە فیلمی سینەمایی دا لە هەمان کاتدا دەنگ و موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بەهەمان شێوە تەواوکەری ڕەگەزەکانی فیلمی سینەماییە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە فیلمی کوردی دا- پەیکەری دڵ بەنموونە) توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە تیشک دەخاتە سەر ڕەگەزی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان وە چۆنیەتی بەکارخستنی لە فیلمی سینەماییدا لەسەر بنەمایەکی فیکری و هونەری و ئیستاتیکی لەلایەن پسپۆری تایبەت بەم بوارە.

**سنوری توێژینەوە:**

هەرێمی کوردستان – عێراق – سلێمانی

بۆ ئەم مەبەستە لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەران شیکردنەوە بۆ فیلمی (پەیکەری دڵ) دەکەن کە بە شێوەیەکی پرۆفیشنال تیشک خراوەتە سەر ڕەگەزی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان.

# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### تەوەرەی یەکەم: شێوازی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە قۆناغی سەرەتاکانی فیلمدا:

شێوازی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە قۆناغی سەرەتاکانی فیلمدا بە چەندین قۆناغی دژوار تێپەڕیووە، چونکە لەو قۆناغەدا توانرا چەندین تاقیکردنەوە لەسەر ئەم ئامێرانە بکرێن کە لە تواناییاندا هەبوو وێنە بگرن بەڵام نەتوانرا ئامێرێک بدۆزرێتەوە کە لە توانایدا هەبێت وێنە و دەنگ تۆمار بکات.

لە ساڵی ١٨٨٧ کاتێک ئەدیسۆن ئامێری نیشاندانی فیلمی سینەمایی (سینەماتۆگراف)ی داهێنا، ئامانجی ئەوەبوو کە بتوانێ کۆمەڵێک گرتەی وێنەیی یەک لەدوای یەک نیشان بدات. (عەبدال، ٢٠١٩، لا١٤٧). بینەری دیمەنەکانی سینەما لە سەردەمی فیلمی بێدەنگ هەستی بە بێزاری و قورساییەک دەکرد بەهۆی نەبوونی موزیکی هاوتەریب لەگەڵ دیمەنەکان، بۆیە هەر دیمەنێک موزیکی تایبەت بەخۆی هەبوو، لە نمایشەکانی لۆمێر لە پاریس ساڵی ١٨٩٥ پیانۆ هاوشانی دیمەنەکان دەژەنرا بۆ زاڵ بوون بەسەر دەنگە بەرز و بێزارکەرەکەی ئامێری نمایش کردنی فیلم، دواتر لە ساڵی ١٨٩٦ ئۆرگ بەکارهات لەگەڵ ئامێرێک کە لاسایی دەنگی شەمەندەفەری دەکردەوە. (لیسا، ١٩٩٧، لا٣٩).

ساڵی ١٩٠٠ موزیک بە قەوان لێدەدرا، لەگەڵ دیمەنەکانی فیلمدا لە ساڵی ١٩٠٧ یەکەم جار کاری موزیکی بۆ دروست کردنی فیلم کرا و لە فیلمی سینەماییدا بەکارهات. لە جەنگی جیهانی یەکەمدا چەندین کورتە فیلمی جەنگی بەرهەم هات و موزیکی تایبەتی بۆ دروست کرا لەکاتی نمایشی فیلمەکان بیستران بەشێوەیەکی گونجاو، لە ساڵی ١٩٠٩ کاری موزیکی بۆ فیلمی درێژ کرا و بوو بە ڕەزامەندی بینەری سینەما. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم جۆرە کارە موزیکە دواکەوت تاکو ساڵی ١٩٢٦. (هەمان سەرچاوە، لا٥٢).

له فیلمی بێدەنگدا موزیک دوو ڕۆڵی گرنگی گێڕا کە ئەمانەن:

یەکەم: ئاماژەیەکی ڕەمزی بوو بۆ گوزارشت کردن لە شێوە و ناوەڕۆکی فیلمەکە.

دووەم: وەک هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ وێنە کە ئەوە گرنگترین ڕۆڵی موزیکە، چونکە بۆتە بناغەیەک بۆ پەیوەندی نێوان موزیک و فیلم. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١. بەیەک بەستنەوەی دیمەنەکان وەکو زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەک.

٢. زاڵ بێت بەسەر دەنگە هەراسانکەرەکانی شەقام و ئامێری نمایشی فیلم و دەنگەدەنگی بینەران.

٣. هاوکاری بینەری کرد بۆ زیاتر گرنگیدان بەو دیمەنانەی نمایش دەکرێت.

٤. تەواوکردنی وێنە و کاریگەری دروست کردن لەسەر بینەر.

٥. بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان وەکو ئاماژە و هێمایەک کە پاڵپشتی ڕووداوە دراماییەکان دەکات.

٦. بەستنەوەی دیمەنە ناوەکییەکان بە دیمەنە دەرەکییەکان کە هەڵگری پەیامێکی دیاریکراو بێت. (لیسا، ١٩٩٧، لا٤٠).

لە قۆناغی دووەمی فیلمە سەرەتاییەکان کە فیلمی بێدەنگ بوون. وەکو تیشکمان خستە سەر لە قۆناغی یەکەم بۆ زاڵبوون بەسەر دەنگە دەنگی ئامێرەکانی پەخش و نیشاندانی موزیکژەنەکان موزیکیان دەژەنی، سەرەتا پیانۆژەنێک لە نزیک شاشەوە دەبینرا پاشان بوون بە دوو ژەنیار، بەڵام بەم شێوەیە بینەر چێژی تەواوی لە فیلمەکە وەرنەدەگرت چونکە وێنە و دەنگ لە یەک سەرچاوەوە نەدەگەیشتە گوێچکەی بینەر، بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە موزیک بۆ فیلمەکان دابنرێت هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە قۆناغی دووەمدا بەتایبەتیش لە فیلمەکانی (چارلی چاپلن)دا پاش تۆمارکردنی وێنەکان موزیکی تایبەتیان بۆ دائەنرا کە تاڕادەیەک شیاو بوون. لەم قۆناغەدا تەنیا فیلمە کۆمیدییەکان ڕەواجیان هەبوو و سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا. پسپۆری بواری موزیکی سینەمایی (کامیلیساینسینز) یەکەم کەس بوو کە میلۆدی و موزیکی بۆ فیلمێک

دانـا، چـونکە پێشـتر ئـاوازی کلاسـیکی بەناوبانگیـان بـۆ فیلمەکـان هەڵـدەبژارد و بە کەمێـک دەستکاری لەگەڵ فیلمەکە پەخشیان دەکرد بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە سەرنجراکێشـانی بینەر، بۆیە چاپلن خۆی هەڵسا بە دانانی موزیک بۆ فیلمەکانی و سـەرکەوتوو بوو. (عبدالحلیم، ٢٠٢١، ل٢١٩).

**تەوەرەی دووەم: موزیک لە سینەما لە سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا:**

دوابەدوای ئەوەی ئـامێری پیـانۆ بەکارهـات بـۆ زاڵ بـوون بەسـەر دەنـگ و هەرای ئامێرەکـانی پەخشی سینەمایی لە سەرەتای دروست بوونیدا کە بە ئامێری سینەماتۆگراف نیشـان دەدرا. لە کۆتایی سەدەی بیستەم زانست و تەکنەلۆژیا پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، سینەماش بێ بەش نەبوو لەم خزمەتەکانی بواری زانسـت و تەکنەلۆژیـا بۆیە جگە لە موزیـک و گۆرانی، کارتێکەرە دەنگییەکانیش لەتەک وێنەدا لە سینەما بەکارهـات و شـریتی دەنگی ئـاوێتەی شـریتی وێنەیی بـوو. بەهـۆی بـوونی سـتۆدیۆی پێشـکەوتوو بـۆ تۆمـارکردنی دەنـگ، گۆرانیبێژەکـانیش گۆرانیەکانیـان لە فـیلمە سـینەماییەکان تەوزیـف کـرا و بەشـداری سـینەمایان کـرد وەک گـۆرانیبێژانی نـاودار ئەلفـیس بریسـلی و کلیـف ریچـارد و ...هتـد. کە سـەرکەوتنی گەورەیـان بەدەستهێنا دواتر توانای میکسەری دەنگی سەری هەڵدا کە توانرا نەوەیەکی تـازە لە تەکنەلۆژیـا ڕۆڵی خۆی ببینێ لە دروستکردنی فیلمدا، بەوەش چەندین فیلمی واقیعی و داسـتانی و خەیـاڵی دروسـت کـران و لە سـتۆدیۆ پێشـکەوتووەکانی مـوزیکی ئەلیکترۆنـی تۆمـارکران و لە فـیلمە خەیاڵیەکانی دەرهێنەران ستیڤن و جۆرج لۆکاش ڕۆڵی سەرکەوتوویان بینی. ئەو جۆرە موزیکە ئەلیکترۆنیە لە ئامێرە موزیکیە ئاساییەکان بەردەست نەبوو بەڵکو بەهـۆی کۆمپیوتەر بەرهەم دەهێنرا. هەروەها ئامێری یاماها یان ئۆرگ هـاتە مەیدانی موزیک کە بەشـێوەیەکی ئەلیکترۆنـی سـەدەها جـۆر ریـتم و ئـاوازی تێدا بەرجەسـتەبوو. لەم مـاوەیەدا هـانز زیـمەری ئـاواز دانەر چەندین موزیکی بۆ فیلمە ناودارەکان بەرهەم هێنا کە تایبەت بوو بە جۆر و ڕەگەزی فیلمەکە و جیاوازتر بەدەرکەوت. (المكتوم، ٢٠١٠، ل٢١٥).

چەندین داهێنەری تری بواری موزیک کاریان لە سینەما کرد و ئاواز و میلۆدی تایبەتیان بۆ فیلمەکان دانا یەکێک لەو داهێنەرانە (جەیمس هۆرنەر) بوو کە ناوبانگی بە فیلمەکانی (ئەفسانەکانی پایز) و (دڵە ئازاکە) و (تایتانیک) بەدەست هێنا. (البيضائي، ٢٠١١، لا٦٤).

لە جیهانی ئەمڕۆدا ئەگەر سەیری فیلمە بیانییەکان و هۆلیۆد و بۆلیۆد بکەین دەبینین چەندین داهێنەر و بەهرەداری بواری موزیک خۆیان بۆ بەرهەمهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکانی فیلم تەرخان کردووە و سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێناوە لەبەرئەوەی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵی بەرچاو و کارتێکەریان هەیە لە بونیادی فیلم و کەمەرکێش کردنی بینەر بۆ بینینی فیلمە بەرهەم هێنراوەکانیان، ئەوەش بۆ هەندێ هۆکاری تایبەت دەگەڕێتەوە کە بریتیە لە ئاوێتە بوونی دەنگ و ڕەنگ و موزیکی سەرنج ڕاکێش کە ڕەگەزێکی گرنگە لە دروستکردنی فیلمی سینەماییدا.

## تەوەرەی سێیەم: جوانییەکانی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە سەردەمی ئێستادا:

لە سەردەمی ئێستادا هەموو پێشکەوتنەکانی بواری موزیک و دەنگ و تۆمارکردنی کارتێکەرە دەنگییەکان بەهۆی ئامێرە پێشکەوتووەکان جوانیەکی تری خستۆتە سەریەک بۆ برەودان بە بواری فیلمسازی. ئاوێتەبوونی موزیک بە وێنە و ڕووداوی گرتە سینەماییەکان جوانیەکی بێ وێنە و سەرنج ڕاکێشی بە فیلمەکان بەخشیوە کە بینەر لە توانای نەبێت بۆ چرکەیەک لەو دیمەنانە داببڕێت.

چونکە موزیکی وێنەیی بەشێکی گرنگی شریتی سینەمایی و دەنگیە و بەشێک نیە لە چیرۆک، بۆیە زۆر کەس گرنگی بە دانەری موزیک نادات لەکاتی نووسینی سیناریۆدا، بۆیە پێویستە دانەری موزیک و ئاواز و کارتێکەرە دەنگییەکان، سیناریۆی فیلم بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی شیکردنەوەی بۆ بکەن بۆ دانانی موزیکی درامی یان وێنەیی کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ڕووداوەکان و کەسایەتیەکانی ناو سیناریۆکە، بەم جۆرە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵی

کارا و بەهێزیان دەبێت لە بەرەو پێش چوونی ڕووداو و تان و پۆی فیلمەکە و ڕۆڵی گرنگیان دەبێت لە دۆزینەوەی بیرۆکە و هەست و سۆزی ئەکتەرەکان لە فیلمی داستانی دا. (تارکۆفسکی، ٢٠٠٤، لا٥٧).

دەکرێت گرنگترین ئاکارەکانی موزیکی درامی یان وێنەیی لە فیلمدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

- نابێت موزیک تەنیا وەک باکگراوندێک بەکاربهێنرێت بۆ وێنە و گرتەی سینەمایی و دیالۆگ، چونکە لە بیرۆکەی سەرەکی دووری دەخاتەوە و بابەتی فیلمەکە کاریگەری نابێت.
- پێویستە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان گوزارشت لە شێوە و ناوەڕۆکی ڕووداوە دراميیەکان بکات.
- هاوکاری وێنە بکات بۆ زیاتر کاریگەربوونی بینەر بە بابەتی فیلمەکە.
- موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە دیاریکردنی ریتمی ئەکتەر و گرتە سینەماییەکان کە ئەمەش لە فەزای دیمەنەکاندا بەدەردەکەوێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەندریە تارکۆفسکی هەندێ پێشنیار دەخاتە ڕوو لە چۆنیەتی بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە فیلمدا کە ئەمانەن:

١. دەتوانرێ موزیک بەکاربهێنرێ لە پێناو پاڵپشتی کردنی ڕووداوە دراميیەکان و بەهێزکردنی هەستی بینین و بیستن لای بینەر کە بەشێوەیەک وای لێ بکات کە گرنگی بە شێوە و ناوەڕۆک بدات وە چێژ لە فیلمەکە وەربگرێت.

٢. بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان دەرهێنەر دەتوانێت کۆنترۆلی هەستەکانی بینەر بکات و بە ئاراستەیەکی دیاریکراوی ببات، لەلایەکی دیکەوە ئەندازەی هەستکردن و درک پێکردنی بینەر بۆ دیمەنە دراميیەکان فراوانتر بکات بەشێوەیەک لە مانا و پەیامی فیلم تێبگات وە کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی دروست بکات.

٣. کاتێک موزیک بەشێوەیەکی گونجاو بەکارهات دەتوانێ ریتمی دیمەن و ڕووداوەکان بگۆڕێت.

٤. پێویستە وێنە هاوتەریب بێت لەگەڵ دەنگی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان چونکە سەرچاوەی هەردوو ڕەگەزەکە بیرۆکە و سیناریۆی فیلمەکە، هەربۆیە پێویستە لەناو سیناریۆدا ئاماژە بۆ کات و شوێنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بکرێت.

٥. نابێت موزیک تەنیا ڕووکەشی بێت بۆ ڕووداوی سەر شاشە، بەڵکو دەبێت هەست پێکراو بێت وە ئاماژەیەکی دراماتیکی بێت بۆ ئەوەی کات و شوێنی ڕووداوەکان ئاشکرا بکات و بونیادی درامی ڕووداوەکان بەرەو لوتکە ببات.

٦. موزیک ڕەگەزێکی گرنگە لەناو فیلمی سینەمایی دا، بەهەمان شێوەش لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت چونکە موزیک خۆراکی گیانە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی مرۆڤ بۆ جولاندنی هەست و سۆزی مرۆڤ بۆ ئەوەی هەست بە ریتم بکات، هەروەک دەبینین لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا ریتمی جولەی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەردا دێت کە بەشێوەیەک لە ڕۆژدا خێرا و لە شەودا خاوە تا دەگاتە ئاستی نوستن کە مرۆڤ لە جولە دەوەستێت، هەڵبەتە هونەری سینەما ڕەنگدانەوەی ژیانە هەربۆیە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لەناو هونەر و ژیان دا کاریگەری خۆی هەیە لەسەر هەستەکانی مرۆڤ.

٧. پێویستە میلۆدی و موزیکی سینەمایی دەروازەی فراوان بەرەوڕووی بینەر و وەرگر دروست بکات و ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی دروستکردنی فیلم و مانا بە گرتە ببەخشێت، زمانی سینەما زمانێکی فیکری و فەلسەفی و هونەری و ئیستاتیکییە هەربۆیە دیمەنە سینەماییەکان بە ئامراز و ڕەگەزی دەنگی پەیامێک دەبەخشنە بینەر یان میلۆدی و ئاوازەکان ئاوێتەی وێنەکان دەبن کە هەمیشە لەناو هزری بینەردا دەمێننەوە. (تارکۆفسکی، ٢٠٠٤، لا٨١).

**تەوەرەی چوارەم: ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە پێکهاتەی فیلمدا:**

لە فیلمی سینەمایی دا کە باس لە موزیک دەکەین پێویستە لە هەمان کاتدا باسی گۆرانیش بکەین چونکە لە سینەمادا ژانرێکی تایبەتمان هەیە بەناوی فیلمی موزیک و گۆرانی ئامێز ئەمەش لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بووە مۆدێلی باو لە فیلمە ڕۆژهەڵاتیەکاندا بەتایبەتی لە فیلمەکانی هیندی و تورکی و عەرەبی و فارسی...هتد. (طماس، ٢٠١٤، لا٨٦).

بەشێوەیەکی گشتی موزیک و کارتێکەرە دەنگیەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پێکهاتەی فیلمی سینەمایی دا چونکە تایتلی هەر فیلمێک بە موزیکەکەی دەناسرێتەوە کە وەکو هێمایەک گوزارشت لە شێوە و ناوەڕۆکی فیلمەکە دەکات. بۆ ئەم مەبەستە لە فیلمی تراژیدی ئاواز و گۆرانی خاو بەکاردەهێنرێت بەڵام لە فیلمی کۆمیدیدا گۆرانی و ئاوازی خێرا و دڵڕفێن بەکاردەهێنرێت کە هەست و سۆزی بینەر بەجۆش بخات.

موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دەستنیشانکردنی کات و شوێنی ڕووداوەکان و شێوازی ململانێی ناو دیمەنە دراميیەکان هەروەها بەشداری دەکات لە خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی درامی لەسەر بنەمایەکی فیکری و سایکۆلۆژی و هونەری و ئیستاتیکی، هەروەها دیمەنە دراميیەکانی ناوەوە دەبەستێتەوە بە دیمەنە دەرەکییەکان کە لە دەرەوەی ستۆدیۆ تۆمار دەکرێن. (هەمان سەرچاوە، لا٤٨).

موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لە سایکۆلۆژیای ئەکتەر بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر ڕۆ بچێتە ناخی کەسایەتی نێو دراماکە، هەمدیس بەشداری کاریگەر دەکات لە ململانێی نێوان لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ڕووداوەکان بەو شێوەیە کە هەست و سۆزی ئەکتەر دەجولێنێ بۆ کرداری پێویست بە نواندن لە ڕۆڵی کاراکتەرەکە، هەروەها بەشداری دەکات لە بەڕێوەبردنی ئەو وێنە دراميیانەی کە بێ دیالۆگن و تەنها لە ڕێگەی گرتەی سینەماییەوە گوزارشت لە بابەتێک دەکەن و دەبنە هۆی خوڵقاندنی کەش و هەوایەکی سایکۆدرامی. (میتری، ٢٠٠٠، لا١٦٧).

موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان زۆر جار ئاوێتەی وێنە دراماییەکان دەبن بە مەبەستی پێشبینی کردنی ڕووداوەکان، ئەمەش لەو دیمەنانە زیاتر دەردەکەوێ کە بەشێوەی کت و پڕ ڕێڕەوی ململانێکان لە بارودۆخێکەوە دەگۆڕدرێ و بۆ بارودۆخێکی لەناکاو و جیاوازتر و بینەر تووشی سەرسوڕمان دەکات. هەروەها موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە فیلمی خەیاڵی زانستی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە دەرخستنی ڕووداوەکان بە ئاراستەی لوتکە.

لە هەمان کاتدا لە فیلمی ترسناک و جەنگی و پۆلیسی دا موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان هاوشێوەی وێنەکان پاڵپشتی دیمەنە دراماییەکان دەکەن، بۆ ئەوەی گەرم و گوڕی پێوە دیاربێت و کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی بینەر دروست بکات. (عبدالله، ١٩٩٧، لا٥٩).

لە سەرجەم فیلمەکاندا ریتم بەردەوام بەرز دەبێتەوە و نزم دەبێتەوە هاوشێوەی لێدانی دڵ، بۆیە پێویستە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان هەمان کاردانەوەیان هەبێت بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ریتمی ڕووداوە دراماییەکان بکات.

پێویستە دەرهێنەری فیلم لەدوای تۆمارکردن و مۆنتاژکردنی فیلمەکەی شیکردنەوەیەکی هونەری و زانستی بۆ جێبەجێکاری موزیک بکات و گفتوگۆیەکی تێروتەسەل دەربارەی شێوە و ناوەڕۆ و ستایلی فیلمەکە بکەن، بۆ ئەوەی جێبەجێکاری موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان شارەزاییەکی تەواو لە ریتم و شێوازی فیلمەکە پەیدا بکات تاکو لەسەر ئەو بنەمایە کاری موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ئەنجام بدات بەشێوەیەک کە ئاوێتەی وێنەکان بێت و گوزارشت لە شێوە و ناوەڕۆک بکات، بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لە دیاریکردنی ڕەهەندەکانی سروشتی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ئیستاتیکی فیلمەکە. (برولیە، بێ ساڵ، لا٧٣).

بەشێوەیەکی گشتی تەوزیف کردنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە فیلمدا پێویستە لەسەر بنەمایەکی هونەری و زانستی بێت، هەر فیلمێک تایبەتمەندی خۆی هەیە وە بە ستایلێکی جیاواز کاری لەسەر کراوە بۆیە بەهەمان شێوە پێویستە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان ڕەنگدانەوەی شێوە و ناوەڕۆکی فیلم بێت وەکو ڕەگەزێکی گرنگ و دەلالەتێکی ڕەمزی.

# بەشی سێیەم

# (جێبەجێکردنی توێژینەوە)

**کۆمەڵگای توێژینەوە:**

لەمیانی گەڕان و پشکنین بەنێو فیلمە سینەماییەکانی هەرێمی کوردستان کە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠٢١) کە لە شارەکانی کوردستان نمایش کراون زیاتر لە (١٦) فیلم لەخۆدەگرێت. توێژەر بە مەبەستی شیکردنەوە (١) نموونەی فیلمی سینەمایی هەڵبژاردووە کە ڕۆڵی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر تیشکی خراوەتەسەر.

**ئامرازی توێژینەوە:**

١. بینینی فیلمە سینەماییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو هۆڵە سینەماییەکان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان، تیشک خستنە سەر شێواز و چۆنیەتی بەکارخستنی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە فیلمی سینەمایی دا.
٢. بینینی فیلمە سینەماییەکان لە ڕێگەی سی دی.
٣. بینینی فیلمە سینەماییەکان لە ڕێگەی یوتوب (You tube).

**میتۆدی توێژینەوە:** توێژەر میتۆدی شیکاری وەسفی بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە.

**نموونەی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ تیشک خستنە سەر موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان نمونەیەکی فیلمی سینەمایی (پەیکەری دڵ) شی دەکاتەوە لەسەر بنەمایەکی فیکری و زانستی و هونەری و ئیستاتیکی.

**کاستی فیلمی سینەمایی (پەیکەری دڵ) پێکهاتووە لە:**

سیناریۆ: عبدالغفار عبدالله

دەرهێنان: شوان عەتوف

ئەکتەرەکان:

هەڵوێست محمد (هەڵوێست)

نزار سەلامی (شێرزاد)

ئارین ئالان (کەویار)

پشتیوان محمد (هیوا)

ئەحمەد رەئوف (مام بورهان)

حەمە عەلی خان (علی)

حمەرشید هەرەس (باوکی شێرزاد)

شلێر أحمد (دایکی شێرزاد)

بەیان بۆمبا (دایکی هیوا)

دڵسۆز محمد (دایکی کەویار)

ڕۆژان محمد جەزا (نەسرین)

ڕزگار باهیر (مامۆستا سۆران)

هیڤیار امین (مناڵی هەڵوێست)

زەمەند تاهیر ئەحمەد (مناڵی شێرزاد)

ژیر نەوشیروان (مناڵی هیوا)

باخان ستار (مناڵی کەویار)

ساڤیا سەلاح (مناڵی نەسرین)

ژیان ئیبراهیم خەیات (دایکی هەڵوێست)

کارە هونەرییەکان:

دەنگ: عەلی رەزا – نۆڤین نەوزاد

یاریدەدەری دەرهێنەر: هاوڕێ علی تەها

موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان: ئەفشین شوکری

مۆنتاژ: ئەلتان نوری

پرادکتۆر: باهۆز نصرالدین

بۆ زانیاری ئەم فیلمە لە ساڵی (٢٠١٩) لە زۆربەی شار و چارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان نمایش کراوە هەروەها ساڵی (٢٠٢٠) لە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا نمایشکراوە.

**تەوەرەی یەکەمی: چیرۆکی فیلمی پەیکەری دڵ.**

لە گەڕەکێکی میللی شار کۆمەڵێک خێزان بەیەکەوە بە تەبا و ڕەبا دەژین و خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆیانن، مناڵەکانیش خەریکی یاری کردن و خوێندنن بەشێوەیەکی گونجاو و کۆمەڵایەتی سەردەمانی زوو ژیان بەڕێ دەکەن. هەڵوێست کوڕی پیاوێکی هەژار و نەخۆش و لەناو جێگا کەوتوو. خاوەنی خێزان و کچ و کوڕێکە، مام بورهان یەکێکی دیکەی گەڕەکە و دوکانی ماسی فرۆشی هەیە و کوڕێکی هەیە بەناوی هیوا کە هاوڕێی هەڵوێستە، لە هەمان کات کوڕێکی هاوتەمەنی هەڵوێست ناوی شێرزادە و هاوڕێی هیوا و هەڵوێستە. بەیەکەوە لە خوێندنن و بەیەکەوە یاری دەکەن. کاک عەلیش یەکێکە لە دراوسێکانیان خاوەن خێزان و کچێکە بەناوی کەویار.

باوکی هەڵوێست کۆچی دوایی دەکات و خێزان و مناڵەکانی سەرگەردان دەبن، مام بورهان کە دراوسێیانە هەڵوێست دەبات بۆ ئیشکردن لە دوکانەکەی خۆی و یارمەتی دانی خێزانەکەیان و دابینکردنی بژێوی ژیانیان.

هەڵوێست بەردەوام خەریکی گۆرانی گوتنە و شانازی بە دەنگی خۆی دەکات بەهۆی ئەوەی دەنگی خۆشە هاوڕێکانی و خەڵکی گەڕەک هانی دەدەن بۆ گۆرانی گوتن، هیواش کوڕێکی خۆش مەحشەرە و هەوڵی دڵخۆشکردنی هاوڕێکانی دەدات و بەردەوام دەم بەخەندەیە. هاوڕێکەشیان شێرزاد ئەویش لە خێزانێکی کەم دەرامەتە بۆیە لەگەڵ هەڵوێست و هیوا لە دوکانەکەی مام بورهان کاردەکات.

بەیەکەوە دەچن بۆ ڕاوەماسی و لەسەر دەریاکە شێرزاد تووشی تەنگەژەیەکی تەندروستی دەبێت و گەشتەکەیان لێ تێک دەدات. دواتر دەردەکەوێ کە شێرزاد نەخۆشی جگەری هەیە.

کاتێک هەڵوێست لە دوکانەکە خێزانی کاک عەلی لەگەڵ کچەکەی دێن بۆ کڕینی ماسی و چاوپێکەوتنی کەویار و هەڵوێست سەرنجڕاکێش دەبێت بۆ بارێکی سۆزداری نێوانیان.

پاش تێپەڕبوونی کات و گەورەبوونی هەڵوێست و هاوڕێکانی، هەربەیەکەوە کاردەکەن و بەیەکەوە دڵخۆشن لە هەمان کاتدا ئەشقی کەویار و هەڵوێست دەکەوێتە بارێکی پێگەیشتوو لە هەمان کاتدا هەڵوێست و هیوا لە دوکانەکەی مام بورهان کار دەکەن بەڵام شێرزاد بەهۆی ئەوەی دایکی خزمی کاک عەلی یە لای ئەو لە کۆمپانیاکەی کار دەکات بەڵام لە هاوڕێیەتی هەڵوێست و هیوا بەردەوام و بەردەوام سەردانیان دەکات. ڕۆژێکیان شێرزاد تووشی تەنگەژەی تەندروستی دەبێتەوە و دکتۆر بە هاوڕێکانی ڕادەگەینێ کە پێویستی بە نەشتەرگەری جگەرە و دەبێت جگەری بۆ پەیدا بکەن، هەڵوێست تەلەفۆن بۆ ماڵەوە دەکات و پێیان دەڵێت کە سەفەری کەوتۆتە پێش و چەند ڕۆژێکی پێ دەچێت، بەڵام ئەو بە نیازە جگەر بداتە شێرزاد و لە مردن ڕزگاری بکات. بۆیە جگەری خۆی دەداتە شێرزاد دوای ئەوەی چەند ڕۆژێک دوای نەشتەرگەریەکە هەڵوێست تەلەفۆنی بە داخراوی دەمێنێتەوە و وەڵامی کەس ناداتەوە، پاش چەند ڕۆژێک هەڵوێست و کەویار بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ یەک دەکەن، خوشکی هەڵوێست کە ناوی نەسرینە و هاوڕێی کەویارە. کەڕولاڵە و حەز بە هونەر دەکات و خەریکی کاری پەیکەرسازییە. هەڵوێست و هیوا و شێرزاد بەیەکەوە دوکانێکی سی دی و پلەی ستەیشن دادەنێن و مام بورهان بەجێ دێڵن. لە ڕۆژی ڤالانتاین هەڵوێست و کەویار بەیەکەوە گەشتێکی خۆش دەکەن، هەڵوێست دوو ماسی جوان دەدات بە کەویار بەدیاری بەبۆنەی ڕۆژی ڤالانتاین، کاتێ کەویار دەگەڕێتەوە ماڵ باوکی لەپێش چاوی میوانەکان کە ماڵی شێرزادن حەوزی ماسیەکەی لێ دەشکێنێ و ماسیەکان مردار دەکاتەوە. بۆیە کەویار پەیوەندی بە هەڵوێست دەکات کە یەکتر ببینن، پاش ئەوەی شێرزاد سیخوری بەسەر کەویار دەکات لەگەڵ باوکی کەویار بەدوایدا دەچن و هەڵوێست و کەویار بەیەکەوە دەبینن. بۆیە باوکی کەویار بە خراپترین شێوە هەڵوێست وەردەگرێت و کچەکەی لە ماڵ بەند دەکات تاکو بیداتە شوو بە یەکێک لە کەسەکانی خۆی.

هیواش لە لایەکی تر کەڵەکەی ژن هێنانی هەیە و باوکی ژنی بۆ دێنێت، ئاهەنگێکی خنجیلانە ساز دەکەن و هەڵوێست گۆرانی تێدا دەڵێت. لەگەڵ ئەوەی خەڵکانێکی زۆر داوەت کراون ماڵی کاک عەلیش لەوێن. خاوەن کۆمپانیایەکی تۆمارکردنی گۆرانی و سیدی گوێی لە دەنگی هەڵوێست دەبێت و سەرسام دەبێت بە دەنگی ئەو بۆیە بڕیار دەدات سیدی بۆ دروست بکات و گۆرانی بۆ تۆمار بکات.

هەڵوێست دایکی دەنێرێتە ماڵی کاک عەلی بەڵام دایکی کەویار فەرمووی لێ ناکات بۆ ژوورەوە پێی ڕادەگەیەنێ کە عەلی قبول ناکات و زۆری لە کچەکە داوە. بە نیازە بیداتە کەسێکی دی. دایکی هەڵوێست بە دڵشکاوی دەگەڕێتەوە ماڵەوە و بە هەڵوێست ڕادەگەیەنێ کە هەڵوێستی ماڵی کاک عەلی چی بووە. بۆیە هەڵوێست خۆی دەچێتە کۆمپانیای کاک عەلی داوای هاوسەرگیری کەویار دەکات بەو پێیەی خۆشی دەوێت، بەڵام کاک عەلی ڕەتی دەکاتەوە و لە کۆمپانیا دەری دەکات چونکە ئەوان خاوەن سامان و موڵک و ماڵن بەڵام هەڵوێست هەژارە.

پاشان ماڵی کاک عەلی لەو گەڕەکە بار دەکەن بۆ شوێنێکی نادیار، نەسرینی خوشکی هەڵوێست دەچێتە ماڵی کەویار بەڵام ئەوان لەوێ نین دواتر کەویار دەدەنە شێرزاد. لە کاتێکدا شێرزاد دوکانی سی دی فرۆشتنەکەی هەڵوەشاندەوە و لە شەریکاتی دەرچوو، بۆیە ئەوان بەناچاری دەکەونە سەرشەقام و مام بورهانیش لە دوکانەکەی خۆی زەرەری کردووە و مایەپووچ بووە.

پاش تێپەڕبوونی کات هەڵوێست سیدیەکی گۆرانی دەردەکات و ناوبانگ پەیدا دەکات. کەویار لەگەڵ شێرزاد ژیانی لێ بۆتەوە دۆزەخ. نەسرینی خوشکی هەڵوێست بەردەوامە لە کاری هونەری و خەریکە پەیکەری دڵ تەواو دەکات. کەویار بووە بە خاوەنی دوو مناڵ و لە ژیانێکی پڕ ئازار بەڕێ دەکات بەهۆی ئەوەی تەنیا کچی دەبێت.

شێرزاد زۆر دەوڵەمەندبووە بووە بە خاوەنێکی کارگەی چیمەنتۆ. کچەکانی کەویاریش گەورەبوون، هەڵوێست ئامادەکاری بۆ کۆنسێرت دەکات، وێنەکانی سەرتاپای شاری داگیرکردووە. بەڵام دڵی هەر لای کەویارە و خۆشەویستی ئەو بۆتە بەهرەی گۆرانیەکانی. نێوان شێرزاد و کاک عەلی بەهۆی پارەوە تێک دەچێت کاتێک کەویار وێنەی هەڵوێست لە شار

دەبینێ و ریکلامی کۆنسێرتەکە سەرنجی ڕادەکێشێ و دەیەوێت بچێتە کۆنسێرتەکە لەگەڵ کچێکی هاوڕێی بەڵام شێرزاد ڕازی نابێت بەڵام کەویار یاخی دەبێت و دەچێت بۆ کۆنسێرتەکە، کە لای شێرزاد ئەوە بە خیانەت لێکدەدرێتەوە. دەچێت بۆ ئەوەی تۆڵە بکاتەوە و کەویار و هەڵوێست بکوژێت. بەڵام لە ڕێگادا تووشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبێت و دەکەوێتە نەخۆشخانە، لەکاتێکدا هەڵوێست سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و دونیای هێناوەتە جۆش، بەبینینی کەویار سەرسام بووە، تەلەفۆنێک بۆ کەویار دێت و هەواڵی ڕووداوی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکەی شێرزادی پێ دەگات، کە لە نەخۆشخانەیە. هەموو شتێک کۆتایی پێ دەهێنن و دەچن بۆ نەخۆشخانە بۆ لای شێرزاد بۆ هاوکاری کردن بەڵام کار لە کار ترازاوە شێرزاد لە سەرەمەرگە. شێرزاد لەسەر دەستی هەڵوێست دەمرێت.

دواتر هەموو خێزانەکانی سەرەتا کە پێکەوەبوون بەیەک شاد دەبنەوە و کەویار و هەڵوێست بەیەک دەگەنەوە.

**تەوەرەی دووەم: چۆنیەتی بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان**

دەرهێنەری فیلم یا بەرهەمهێنەر، بۆ سەرکەوتنی فیلمەکە و بەبازارکردنی دەبێ وردبین بێت لە دەستنیشانکردنی ئەو کەسەی کاری دەنگ لە فیلم بەرجەستە دەکات. چونکە فیلم جگە لەوەی چیرۆکی وێنەییە لە هەمان کاتدا دەنگ و موزیک و جوانیەکی تر و چێژێکی زیاتر بە بینەر دەبەخشێت. بۆیە ئەو کەسەی بە کاری دەنگ و موزیک هەڵدەستێ دەبێ گوێ سووک بێت و بیستنێکی موزیکی هەبێ بۆ ئەوەی لە هەر چرکەیەکی فیلمەکە ڕۆڵی خۆی ببینێت و پەیامی خۆی بە جوانترین ئامراز و شێوە بە وەرگر بگەینێ. لە فیلمی پەیکەری دڵ، دەرهێنەر و بەرهەمهێن زۆر بە سەلیقە و هەستێکی جوان و پڕاوپڕ لە ئیستاتیکا کاریان لەسەر دەنگ و کارتێکەرە دەنگییەکان کردووە، چونکە لە بنەڕەتدا فیلمەکە دەچێتە خانەی فیلمی موزیکی بەهۆی ئەوەی هونەرمەندێکی دەنگبێژ ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکە دەبینێ و کۆمەڵێ تراکی گۆرانی ئاوێتەی ناواخنی فیلمەکە کراوە.

هەر لە سەرەتای بینینی وێنە و پێش ئەوەی تایتل دەربکەوێ لە ماوەی یەک دەقیقە و چل و حەوت چرکەدا دەرهێنەر و لێپرسراوی دەنگ و موزیک ئەوپەڕی سەلیقەیی و بەهرەداری خۆیان بۆ دەرخستین بە تێکهەڵکێش کردنی چەندین تراکی دەنگی و موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان، سەرەتا بە دەنگە خۆشەکەی هەڵوێستی مناڵ گوێیەکانمان دەکرێتەوە، ئینجا تێکەڵاو دەبێت بە سەدایەکی خەمناکی بۆ حاڵی تەندروستی باوکی هەڵوێست کە لە سەرەمەرگە، دواتر گۆڕانکاری بەدی دەکرێت بە میلۆدییەکی شادی ئاوێتەبوو بە کارتێکەرە دەنگییەکانی شەقام و دەنگی یاری کردنی مناڵ و بەرمیل و دەنگە دەنگی فرۆشیاران.

لەکاتی یاریکردنی هەڵوێست لەگەڵ هاوڕێکانی گوێبیستی قیژەی دایکی دەبێت کە ئاماژەیەکی ڕوونە بە مەرگی باوکی، دواتر میلۆدییەکی خەمناک و دیمەنی گۆڕستان دەبنین و دەبیستین کە تژیە لە سەدای سەردولکە و گریان و موزیکی کاریگەر بەسەر هەست و دەروونی وەرگر و تایتل دادەبەزێت.

کارتێکەری دەنگی شەقامێکی جەنجاڵ بە هەموو کاسبکاران لە دەقیقەی چوار و چەند چرکەیەک دەبیستین.

بەکارهێنانی دەنگی هەڵوێستی مناڵ بۆ گۆرانی گوتن ئاماژەی سەرکەوتووە بە کەسایەتی هەڵوێست کە لە داهاتوودا دەبێتە هونەرمەندێکی دەنگبێژی سەرکەوتوو. بەکارهێنانی دەنگی ئۆتۆمبێل و چریکەی بولبول و دەنگی ڕووبار و هاژەی با و قرچەقرچی سوتانی دار و ئاگر ئاوێتەی دەنگی ئەکتەر دەبن لە دیمەنەکانی دواتر.

هەڵبژاردنی میلۆدی تایبەت بە هەر دیمەنێک هۆکارێکی ترە لە جوانی و چێژ بە بینین و بیستنی وەرگر دەبەخشێت.

جێبەجێکاری دەنگ و موزیک زۆر بە کارامەیی کاری لەسەر دیمەن بە دیمەنی فیلمەکە کردووە بە چەند خاڵێک باسی لێوە دەکەین:

- هەڵبژاردنی میلۆدی گونجاو بۆ دیمەنەکان.
- بەکارهێنانی دەنگی سروشتی دیمەنەکان وەک کارتێکەری دەنگی.

- بەکارهێنانی دەنگی ئەکتەر بۆ گۆرانی گوتن بە شێوەی خام و تێکهەڵکێش کردنی بە موزیکی گونجاو.
- بەکارهێنانی ترپەی لەناکاو بۆ ئاگادارکردنەوەی وەرگر لە ڕووداوێک.
- بەکارهێنانی باکگراوندی موزیکی بۆ دیمەنەکان.
- گونجاندنی ترپە و رەزمی موزیک بە رەزمی دیمەن و ڕووداو.
- خاوێنی دەنگ دوور لە هاشە و دەنگی دەرەکی.
- خاوی و خێرایی ڕەزمی موزیک لە دیمەنە جیاجیاکاندا.
- بەکارهێنانی نوێترین ئامێری تەکنەلۆژیای تۆمارکردنی دەنگ لە ستۆدیۆی دەنگی پێشکەوتوو.

بەو پێیەی میلۆدی بەرهەمی سەردەمی خۆیەتی و لە هەر سەردەمێک جۆرە میلۆدییەک لەکارهێنراوە و چێژی لێ بینراوە، بۆیە جێبەجێکاری دەنگ بە گوێرەی سەردەم میلۆدی بەکارهێناوە، بەو مانایەی کاتێ گوێبیستی میلۆدییەک دەبین دەمانگەڕێنێتەوە ئەو سەردەمەی میلۆدییەکەی تێدا تۆمارکراوە و ئاوێتەی یادگارییەکانمان بووە.

بۆیە زۆر بە وردەکارییەوە بە میلۆدی دەمانگەڕێنێتەوە ئەو سەردەمەی هەڵوێست تێدا منداڵ بووە و گۆرانییەکانی ئەو سەردەمە دەڵێتەوە. لەگەڵ گۆڕانی سەردەم میلۆدیش گۆڕانی بەسەردا دێت بۆ نموونە لەکاتی منالی هەڵوێست و گەورەبوونی میلۆدییەکان جیاوازن هەر یەکێکیان ئاماژە بۆ سەردەمەکەی خۆی دەکات.

بەکارهێنانی ئمێری موزیکی جۆراوجۆر بەگوێرەی دیمەنەکان وەک بەکارهێنانی چەلۆ + کەمان بۆ دیمەنی خەمناک و ئامێرە هەواییەکان بۆ دیمەنی دیاریکراو خاڵێکی پۆزەتیڤی فیلمەکەیە.

بە بیستنی دەنگی هەورە تریشقە و باران پێمان دەڵێت کە وەرز زستانە و تێکەڵبوونی بە ئامێرێکی موزیکی ژێدار دیمەنەکە سەرنجڕاکێشتر دەکات.

گۆرانی و دیالۆگ لە دیمەنی پێشکەشکردنی ماسیەکان لە خولەکی ٣٣ و ئامێری چەلۆ بڕیاردەری دەکەن و پێداگری کردنە لە هەڵوێستی جوان بەرامبەر بەیەک.

ترپەکانی ڕەزم و ئیقاعی نیگەرانی و چاوەڕوانی ڕووداوی نەخوازراو دەردەخەن کە لە فیلمەکە بەکارهاتووە.

بەرزی و نزمی ئاستی دەنگ و کارتێکەرە دەنگییەکان پەیوەستن بە دوور و نزیکی دیمەنەکان کە جێبەجێکار بەجوانی لەم فیلمە بەکاری هێناوە. شەقەی باڵی کۆترە ئازادکراوەکان لە ڕۆژی ڤالانتاین و گۆرانی ئاشتیانەی هەڵویست. تێکەهەڵکێشی میلۆدی و کارتێکەرە دەنگییەکان نموونەیەکی جوانی تری بەکارهێنانی دەنگ و کارتێکەرە دەنگییەکانە لە فیلمەکە. ئامرازی باکگراوندی دیمەنەکان دەربڕی ناواخنی بارە سایکۆلۆژییەکانی ئەکتەرەکانە لە دوو توێی ڕووداوەکان بەرجەستەکراوە. بەکارهێنانی ئامێرە موزیکییەکانی میللی وەک دەهۆڵ و زوڕنا لە ئاهەنگی هیوادا ناساندنی کەلتوری کوردی و ڕەسەنایەتی دەنوێنێ و بە وەرگر دەیناسێنێ کە لە خولەکەکانی پەنجا بەدواوە بەکارهێنراوە.

وەک لە پێشتر باسمانکرد کە بەکارهێنانی جۆری موزیک و دەنگ پەیوەستە بە سایکۆلۆژیەتی کەسایەتیەکان کە ڕووداوەکانی فیلمەکە دروستی دەکەن، بۆیە بەکارهێنانی ڕەزمی خێرا بۆ دیمەنە پڕ تەنگژەکان و ڕووداوی خێرا پێویستە، بەهەمان شێوە پێچەوانەکەی ڕاستە. لێرەدا دەمەیت بڵێم کە جێبەجێکاری موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان سەرەڕای شارەزایی لە جۆری میلۆدی و کارتێکەرە دەنگییەکان خاوەن بەهرەیەکی ناوازەیە لە شیکردنەوەی سایکۆلۆژیەتی کاراکتەر و جۆریەتی ڕووداو.

لەگەڵ ئەمانەشدا بۆ ئەنجامی باشتر و کاریگەرتر پێویستە باشترین جۆری ئامێری تۆمارگردن و تەکنەلۆژیا بەکاربهێنرێت هەرچەندە تیچووەکەی زۆریش بێت، کە لەم فیلمەدا ڕەچاوکراوە. بودجەی تایبەتی بۆ دانراوە. ئەمە و سپاردنی ئەرکی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بە موزیسانی شارەزا لە بواری درامادا خاڵێکی پۆزەتیڤە لە سەرکەوتنی فیلم و کاری هونەری بەرهەمهێنەری فیلمەکە هەوڵی داوە باشترین موزیسان و سەدابەرداری دەنگی بەکاربخات و بیر لە تێچووی کاری موزیکی نەکاتەوە بۆ بەرجەستەکردنی باشترین کوالیتی لە دەنگ و میلۆدی.

# بەشی چوارەم

# دەرئەنجام و پێشنیازەکان

**یەکەم: دەرئەنجام**

پاش توێژینەوە و خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە دەنگ و موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە کاری درامی و سینەمایی توێژەر گەیشتە دەرئەنجامی توێژینەوەکە کە لەم خاڵانەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە.

- بەپێی سەردەم و کاتی جیاواز و پێشکەوتنی ئامێری دەنگ و موزیک و تۆمارکردنی دەنگ، گۆڕانکاری بەسەر بەکارهێنانی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان هات و بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیووە.
- پێویستە کەسانی پسپۆر و شارەزا ڕادەسپێردرێن بۆ دانانی موزیک و میلۆدی تایبەت بە دراما و فیلمی سینەمایی.
- بەکارهێنانی ئامێری موزیکی جۆراوجۆر بۆ دیمەنە جیاجیاکان.
- گرنگیدان بە موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان لە چرکە بە چرکەی کارە هونەرییەکان و نەهێڵانی بۆشایی دەنگی.
- گرنگیدان بە سایکۆلۆژیەتی وەرگر بەپێی سەردەم و پێشکەوتنی بواری کەلتوری.
- لە هەندێ کاتدا بێ دەنگە دیمەن پەیامی خۆی دەبێت، بۆیە دەرهێنەر لەکاتی پێویستدا بێ دەنگی هەڵدەبژێرێت.
- نزمی باکگراوندی موزیکی دیمەنەکان بوار بە دیالۆگ دەدات لە گەیاندنی پەیامی خۆی.
- بەکارهێنانی کارتێکەری زۆر لە دیمەنێکدا ڕەنگە سەرلێشێوانێک بۆ وەرگر دروست بکات. دەکرێ بەپێی پێویست ئاستی دەنگی موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بەکاربهێنرێ.

- بەکارهێنانی میلۆدی تایبەت دەبێتە هۆی ناساندنی سەردەمی ڕووداو. چونکە هەر میلۆدییەک بەرهەمی سەردەمی خۆیەتی و ئاستی چێژی بیستنی سەردەم دەبینێ.
- تێکهەڵکێشی دەنگە کان و موزیک کارێکی سەرنجڕاکێشە و بەپێی پێویست ڕێگای پێدراوە لە کاری هونەری.
- گۆڕانکاری میلۆدی و جۆری تۆمارکردن – گۆڕانکاری لە سەردەم و زەمەن دەکات، دەبێت بەهەند وەربگیرێت.
- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ئامێری دەنگی سەردەم مسۆگەرکردنی زیاتری چێژبەخشینە بە وەرگر و بینەر.

**دووەم: پێشنیازەکان**

- بـۆ سـەرکەوتن و بەرهەمهێنـانی کـاری هـونەری سـەرنجڕاکێش و پڕبەهـا پێویسـتە دەرهێـنەر و بەرهەمهـێن ئەو بەهـرەدارانە ڕاسـپێرن بە دانـانی ئـاواز و میلـۆدی بـۆ کارەکانیان.
- دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ دانەری میلۆدی و کارتێکەری دەنگی.
- تۆمارکردنی دەنگ بە کوالێتی بەرز.
- تایبەتمەندکردنی کەسانی بەهرەدار لە بواری موزیک و دەنگ بۆ کارکردن لە کاری درامی و فیلمی سینەمایی.
- گرنگیدان بە موزیک و چێژی بیستن لە نێوەندە ئەکادیمییەکان و پێگەیاندنی کادری پسپۆر لەم بوارەدا.
- بوونی کەسانی پسپۆر لە بواری دەنگ و کارتێکەرە دەنگییەکان کە شارەزا بێت بە موزیک و ئامێرە موزیکییەکان بۆ وتنەوەی وانەی تیۆری و پراکتیکی لەم بوارەدا بە قوتابیانی پەیمانگە و کۆلێژی هونەر.
- هاندانی شارەزایانی بواری دەنگ و موزیک و کارتێکەرە دەنگییەکان بۆ دانانی هەندێک یاسا و ڕێسای هونەری لە شێوەی کتێب بۆ پرۆگرامی خوێندن و توێژینەوە.
- دابینکردنی ئامێری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کارتێکەرە دەنگییەکان لە ستۆدیۆکانی تۆمارکردن، بەپێی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


١. بێکەس نوری عبدال، موزیک و سینەما، وان: چاپخانەی سێتاڤ، ٢٠١٩.

٢. عەلاء مەکتوم، مۆسیقا لە سینەمادا، وەرگێڕانی: کاردۆ، سلێمانی: گۆڤاری (فیلم) ژمارە (٥)، ٢٠١٠.


## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


١. أندرية تاركوفسكي، حول استخدام الموسيقى والأصوات في السينماء، تر. أمين صالح، القاهرة: جريدة الأيام – عدد (١٢)، كانون الأول، ٢٠٠٤.

٢. جان ميتري، علم النفس وعلم الجمال السينما، تر. عبدالله عويشق، دمشق: منشورات وزارة الثقافة – مؤسسة عامة للسينما، ٢٠٠٠.

٣. جيزيل بروليه، جماليات الإبداع الموسيقى، تر. فؤاد كامل، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، بدون سنة.

٤. حكمت البيضائي، جماليات وتقنيات الصوت، القاهرة: أكاديمية الفنون – دراسات سينمائية، ٢٠١١.

٥. حمدو طماس، السينما والموسيقى والمسرح، لبنان: دار المعرفة، ٢٠١٤.

٦. صوفيا ليسا، جماليات موسيقى الأفلام، تر. غازى منافيخي، دمشق: منشورات وزارة الثقافة – المؤسسة العامة للسينما، ١٩٩٧.

٧. على عبدالله، الموسيقى التعبيرية، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٧.

٨. وفاء عبدالحليم، تنمية تذوق الموسيقى والصوت، القاهرة: مجلة التربية النوعية – عدد (١٣)، ٢٠٢١.